Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

## ڕاگەیەندراوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان PWD

ڕۆژی 2005/2/2، مەجلیسی پارتی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان PWD بە سەرۆکایەتی بەڕێز عوسمان ئۆجالان، لە ڕاگەیەندراوێکدا، شەهید کردنی 9 پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی لە 1998/6/1دا لە لایان PKKوە، مەحکووم کردوە؛ ئەو تاوانەی بە نامەسئوولانە داناوە و بەو بۆنەوە داوای لێبوردنی لە سەرکردایەتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و گەلی کورد و بنەماڵەی شەهیدانی ئەو ڕووداوە کردوە.

بێگومان شەهید کردنی کاك محەممەد نادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و 8 پێشمەرگەی دیکەی ڕێگای ڕزگاری نیشتمان لە لایەن PKKوە لەو کاتەدا کە هەر دەستە پارتیزانەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە نێو خۆی وڵات لە چالاکییدا بوون، نەك هەر تاوانێکی بێپاساو بوو، بەڵکوو خەسارەتێکی گەورەش بوو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوی PWD، هەر وەك لە کاتی خۆیدا لێی دڵنیا بووین، جارێکی دیکە بێتاوانیی شەهیدەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ناڕەوایی ڕژانی خوێنیان دەسەلمێنێ.

بەڵام ئێستا کە بەشێکی بەرچاو لە کادری سەرکردایەتی PKK بە سەرۆکایەتی بەڕێز عوسمان ئۆجالان، لە چوارچێوەی پارتی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان PWDدا، لە هەڵوێست و بڕیارێکی ئازایانەدا، ئەو تاوانەیان مەحکووم کردوە و لێبووردنیان خواستووە؛ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێشوازی لەو هەنگاوەیان دەکا و لەمەودوا هیچ لەمپەرێك لە ڕێی ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکان و هاوکاریی نێوانمان نابینێ. جێی خۆیەتی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەلی کوردستانیش کە میراتگری PKKیە، بە هەنگاو و هەڵوێستی لەو چەشنە، ئەو پەڵەیە لە ڕوومای سیاسیی خۆی بسڕێتەوە.

ئەمڕۆ ڕۆحی شەهیدەکانی ئەو کارەساتە شاد و سەری ڕێبوارانی ڕێگایان بەرزە کە ئەگەر سینگیان سوور کراوە، هەرگیز دەستیان بە خوێنی برای نەتەوەیی خۆیان سوور نەبووە.

دەبا هەموو ئەوانەی لە براکوژییدا دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوور بووە، داوای لێبوردن لە گەل و بنەماڵەی قوربانییەکان بکەن و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لەو بیر و عەقلیەتە بکەن کە دیاردەی وا نگریسی لێدەکەوێتەوە.

نەفرەت لە براکوژی

بژی برایەتی کوردستانییەکان

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

21/ڕێبەندان/ 2704

9/فێوریە/ 2005